# مەراسیمی شکۆداری رۆژی کرێکار لەشارەکانی کەرکوك و سلێمانی و بەغداو بەسرە

بەبۆنەی 1ی ئایار رۆژی هاوپشتیو هاوخەباتی چینی کرێکار، رێکخستنەکانی حزب لەکوردستان چەندین چالاکی جۆراو جۆریان بۆ بەرز راگرتنو بیرەوەری 1ی ئایار بەرێخست. لە کەلارو گەرمیانو رانیەو قەلادزەو هەولێرو کەرکوكو سلێمانی بەیاننامەی رێکخراوی کوردستان بەتیراژی چەندین هەزاریو بەشێوەیەکی فراوان بلاوکرایەوە، وەدروشمەکانی حزبو کۆمیتەی مەراسیم لەناو جەرگەی بازارەکانو شوێنە گشتیەکاندا هەلواسرابوونو فەزای شارەکانیان داگرتبوو، وەچەندین چالاکی تریش لەشێوەی سەردانو دابەشکردنی شیرینیو میتینگی بچوك بچوك لەو بارەیەوە بەرێخراوە، ئەمەی خوارەوەش چەند گۆشەیەکە لەو چالاکیانەی کە لە سلێمانی و کەرکوك ئەنجامدراون:

نزیك بە دووهەفتە بەر لە ئایار، لەشاری سلێمانی کۆمیتەیەك بۆ ئەم مەبەستە پێکهات، بەناوی کۆمیەتی مەراسیمی 1ی ئایار، کە چەند لیژنەیەکی لەخۆگرتبوو، بۆ کاروبارەکانی رێکخستنو تەبلیغو مالیەو پەیوەندیەکان، کە کاروبارەکانی سەرکەوتوانە ئەنجام ئەداو، سەردانی ژمارەیەکی ئیجگار زۆر لەخەلکی شاری سلێمانی کرا، کە لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی کە سەردان کرابوون، پێشوازری گەرم لەو لیژنانە کراو بەشێوەیەك کە سەرجەم ئەو خەرجیانەی ئایار لەلایەن ئەو کەسانەی کە سەردانیان کرابوو پرکرایەوە.

رۆژی 2006/5/1 پیشانگایەکی کاریکاتێری بۆ هونەرمەند(رێناس عارف) کرایەوە، کەلەلایەن کامەران لەتیفەوە سەرپەرشتی ئەکرا، وە زیاتر لە 50 وێنەی کاریکاتێری جۆراوجۆری لەسەر مەسائلو بابەتی سیاسی تیا نمایش کرابوو، کە جێگای پێشوازی گەرمی بینەرانی بوو.

وە ئێوارەی هەمان رۆژ لەهۆلی هونەرەجوانەکان بەئامادەبوونی سەدان کەس لە ژنانو پیاوانو کرێکاری ناوەندەکان، مەراسیمی یەکی ئایار سازدرا. سەرەتای مەراسمەکە بە سرودی ئەنتەر ناسیونال دەستی پێکرد، پاشان سعید مستەفا بەنوێنەرایەتی کۆمیتەی مەراسیم بەخێر هاتنی میوانەکانی کردو ووتەیەکی لەسەر کۆمیتەکەو چۆنیەتی کاروبارەکانی مەراسیمەکە پێشکەش کرد، ئینجا چەند پارچە شیعرێکی کرێکاری پێشکەشکرا، پاشان وتاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەلایەن زمناکۆ عزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەوە پێشکەشکرا، کە لەبەشێك لەقسەکانیدا وتی "کێشەی ئەمرۆی خەلك لەگەل ئەحزابی ناسیونالیستیدا کێشەیەکە ئەوان دروستیان کردوە، هەرخۆشیان بەرپرسن لەچارەسەری گرفتەکانی خەلك. بەم پێیەش ئەم شەرە ئەوان دەستیان پێکردوەو ئاکامەکەی لەئەستۆی ئەواندایە. خالی لاوازی کرێکارانو جەماوەر ئەوەیە کە یەکگرتوونین لە رێکخراوی جەماوەریو سەراسەری خۆیاندا، بەلام ئەوان، دەسەلاتداران، سەرباری دەریایەك خیلافو تەکەتولاتی نێوانیان، کەچی لەبەرامبەر خەلکدا یەکگرتوونو میلیشیاو قانونی نائینسانیو دەیان دەزگای سەرکوتو داپلۆسینیان هەیە... بۆیە ئەبێت بەهەمان میکانیزم مواجەهە بکرێن...." لەبەشێکی تری قسەکانیدا ووتی"هەلومەرجی ئێستای کوردستان جگە لە جیابوونەوەو دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆ هیچی تر تەحەمول ناکات، دەولەتێکی غەیرە قەومیوسکۆلار، کە مافی هاولاتیبوونی یەکسان بۆ هەموان فەراهەم بکات..."

دوابەدوای ئەوە گۆرانیبێژی دەنگ خۆشو ناسراو بێخال جەودەت بەگۆرانیەك بەشداری مەراسیمەکەی کرد، وە هەستیار جافی شاعیر بە شیعرێك کە بەبۆنەی ئایارەوە نوسیبووی بەشداری کرد، دوای ئەوە نەوزاد صلاح بابان هەلسوراوی ناوەندی کارەبا ووتارێکی پێشکەش کردو ئەکرەم محمدیش بەناوی دەستەی داکۆکیکردن لەداخوازییەکانی خەلك ووتارێکی پێشکەش کرد، پاشان مەراسیمەکە بە چەندین پارچە شیعری کورت کە لەلایەن بەرێوەبەرانی مەراسیمەکە "ئاشتی حسێن و کامەران حسێن" درێژەی کێشاو لەبەشی کۆتاییشدا ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانیو هەلپەرکێی لاوان دەستپێکرد. پاش زیاتر لە دوو کاتژمێر مەراسیمەکە لەناو شۆروشەوقی ئامادەبواندا کۆتایی هات.

## کەرکوك:

کەرکوك، ئەو شارەی کە بە هۆی ئەوەی دانیشتوانەکەی بە زمانی جیاواز قسە دەکەن، ئەم تایبەتمەندیە بۆ هەر ئەم دانیشتوانە، بووە بە بەلایەك ولە رابردوو ئیستادا، باجی ئەمەیان بەقیمەتی خوین وکوژران وئاوارە بوون ودەیانو دەیان موشکیلەی تر داوە.

بەلام لە 1ی ئایاری ئەمسالدا، هەموو ئەم شتانە پێچرانەوە کە بە زۆر بە سەر ئەم خەلکەدا، فەرز کراوە. مەراسیمی شکۆداری ئەمسال کە لە رۆژی 1ی ئایارو لە باخچەی ئەفراح لە نزیك سوق مەرکەزی بەرپا کرا، رۆژیك بوو بە راستی بۆ ئینسانیەت وهاوپشتی وهاوخەباتی لە نیوان ئەو ئینسانانەی کە کیشەکانیان، یەك کیشە وچارەنوسیشیان، یەك چارەنووسە.

لەو مەراسیمەدا لە ووتەکانو لە دانسو شاییو لە گۆرانی ولەتیکەلاوی ژنانو پیاوانو لە باقی شتەکانی ترەوە، ئەوە سەرنجی هەموانی راکیشا بوو کە رۆژی 1ی ئایار، بە راستی رۆژیکە کەسیفەتی قەومیو دینیو رەگەزی و رەنگی پیستو هەموو سیفەتە پیچەوانەکانی ئینسانی، دادەمالی وئینسانیەت دەگیریتەوە بۆ بەشەرەکان. 1ی ئایار ئەمسال لە کەرکوك نیشانی دا کە جەژنەو جەژنی ئینسانە بێبەشەکانە، رۆژی هاوپشتیو هاوخەباتی کریکارانە.

له 2 هەفتە بەر لە یەکی ئایارەوە، کۆمیتەی کەرکوکی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقو کۆنگرەی ئازادی عیراقو دەستەی داکۆکی لە مافەکانی خەلکی کەرکوك وچەندین کەسی ترلە هەلسوراوانی کریکاریو ئازادی خواز، کۆمیتەی مەراسیمی 1ی ئایار یان پیك هینا ودەستیان بە چالاکیەکانیان کرد، بۆ پیشوازی لەو رۆژە مەزنە.

سەرەتای کاری کۆمیتەی مەراسیم بە سەردانی خەلك وکریکاران ورابەرانی کریکاریو رابەرانی جەماوەری دەستی پی کردو لە سەر زەروورەتی پیشوازییەکی شایستە لەو رۆژە وریز لی گرتنی قسەو باس کراو لە لایەکی تریشەوە لە چەندین لاوە، دەست کرا بە حەملەی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ دابین کردنی تەکالیفی مەراسیم وباقی چالاکیەکانی تری تایبەت بەو رۆژە.

چەند رۆژبەر لە 1ی ئایاریش روالەتی شار بە تەواوی گۆراو وبە لافیتەی سوورو بە پۆستەرەکانی کۆمیتەی مەراسیم، رازینرایەوەو گرووپەکانی بلاو کردنەوەی لافیتە وپۆستەرەکان بە ناو شار وگەرەکەکاندا بلاو بوونەوەو ویرای بلاو کردنەوەیان، لە گەل خەلك دا، کەوتنە گفتو گۆو لە سەر رۆژی 1ی ئایارو ئەهمیەتی ئەو رۆژە، قسەو باسیان لە گەل خەلك کرد.

لە لایەکی تریشەوە، چەند گرووپی تر لە کۆمیتەی مەراسیم، سەردانی شەریکەی نەوتی شیمالو کارگەی چیمەنتۆی لەیلانو کارگەو ناوەندەکانی تریان کرد بۆ پیرۆزبایی لە کریکارانو دەعوەت کردنیان بۆ بەشداری لە مەراسیمی 1 ی ئایاردا.

سەرەنجام لە سەعات 5:30 دەقیقەی رۆژی 1 -5-2006، لە باخچەی ئەفراح لەنزیك سوق مەرکەزی، بە بەشداریزیاتر لە 600 کەس، مەراسیمی شکۆداری یەکی ئایار بەرپا کرا.

سەرەتای مەراسیم بەسروودی نیو نەتەوەیی چینی کریکار، سروودی ئەنتەر ناسیونال دەستی پی کردو سەدای " با چینە چەوسینەرەکان لە بەرامبەر شۆرشی کۆمۆنیستی دا سەرتاپایان بیتە لەرزین، کریکاران لەم نیوەدا بیجگە لە زنجیرەکانیان هیچ لە دەست نادەن، بەلام جیهانیك بە دەست دینن" بە دەنگی ئازاد مجید رووخساری ناسراوی شاری کەرکوك وکادری بەرجەستەی حیزب، ئەو ناوەی هینایە، لەرزین.

بە دوای ئەمەدا ووتەی حیزب لە لایەن ئازاد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە، پیشکەش کرا. کە تیایدا، تیشکی خستە سەر ئەوازعی سیاسی ئەمرۆی عیراقو ئەو سیناریۆ رەشەی کە لە ئاکامی سیاسەتی ملهورانەی ئەمریکاو ئەحزابی هاوپەیمانیەوە، بە وجود هاتووە.

هەروەها تیشکی خستە سەر ئەو شەرە تائیفیو قەومیو مەزهەبیەی کە لە عیراق دا بەرپا کراوە لە لایەن حیزب وهیزو دەستەو تاقمە کۆنەپەرست ورەشەکانەوەو مەسەلەی نەبوونی ئەمنیەتی ژیانو بە سەریەکدا رمانی شیرازەی مەدەنی کۆمەلگای عیراقو باس کردنو نیشان دانی چەندین ئامارو ئەرقامی وورد لە بارەی ژمارەی کوژراوو قوربانیەکانی خەلکی مەدەنیو بی دیفاع لە 3 سالی رابردوودا، گۆشەیەکی تری قسەکانی ئازاد ئەحمەد بوو.

پیك هاتنی حکومەتی عیراقو ئەو پرۆسە سیاسیەی کە ئەمریکاو هاوپەیمانیەکانی لە عیراقدا، تەی دەکەنو دژایەتیو دووری ئەم هیزانە لە مەسەلە وموشکیلەکانی خەلك وهەروەها ئەوەی ئەم هیز ودەستەو تاقمانە خۆیان تەرەفی ئەسلی نائەمنیو کیشە گەورەو بچووکەکانی کۆمەلگای عیراقو خەلکەکەین، تەوەرەیەکی تری قسەکانی بوو.

مەسەلەی کەرکوكو ئەوەی کە کیشەی قەومی لەم شارەدا، بووە بە بۆمبیك لە سەر دەستی حیزبو هیزە مەوجودەکانی ناو عیراق وکەرکوكو خەتەری تەقینەوەی هەر ساتەی ئەو بۆمبەو بوونە قوربانی سەدان وهەزان کەس لە خەلکی ئەم شارە، تەوەرەیەکی تری قسەکانی ئازاد ئەحمەد بوو.

بەریخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری چەکدارو پاراستنی ئەمنیەت وگیرانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەلگای عیراق، لەم راستایەداو بانگەوازی پەیوەست بوون بەکۆنگرەی ئازادی عیراقەوە، کە سەرەتای ئەم کارەی دەست پی کردووە، وەك ریگا چارەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق بۆ دەرباز بوون لەم وەزعە لە لایەن ئازاد ئەحمەدەوە بۆ ئامادەبووان باس کرا.

تیکەل کردنەوەی کوردستان لە گەل دەولەتی مەرکەزیو خەتەریاتی ئەم سیاسەتە، وە ریگا چارەی حیزب کە بریتیە لەریفراندۆمو جیابوونەوەی کوردستانو پیك هینانی دەولەتیکی غەیرە قەومیو غەیرە دینی، لە لایەن هاوری ئازادەوە بە دریژی باسی لیوە کرا.

مەسەلەی نەبوونی خزمەت گوزاریەکان ونەبوونی ئازادیو هەروەها بوونی گەندەلیەکی ئیداری لە رادە بە دەر لە کوردستان، و ئیعتیرازاتی خەلك لە دژی ئەمەو سەرکوتی خەلك لە لایەن دەسەلات دارانی کوردستانەوە، وە بانگەوازی ریکخراوتر بوونو یەکگرتوو تر کردنی ریزی ئەم نارەزایەتیانەو کۆبوونەوە لە دەوری حیزب، تەوەرەی ئاخیری قسەکانی ئازاد ئەحمەد بوو.

بە دوای ئەمەدا، قاسم هادی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی کۆنگرەی ئازادی عیراق ووتەیەکی بە زمانی عەرەبی پیشکەش کرد کە تیایدا ویرای تیشك خستنە سەر دەوری کریکاران لە ناو کۆنگرە وئەوزاعی سیاسیو سیناریۆی رەش لە عیراقدا، باسی پیك هینانی هیزی ئەمانی کرد کە لە لایەن کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە دەست بە دامەزراندنی کراوە، و بانگەوازی خەلکی کرد بۆ پەیوەست بوون بە کۆنگرەوە.

بە دوای ئەویشدا، ئازاد مجید لە لایەن دەستەی داکۆکی لە مافەکانی خەلکی کەرکوکەوە، ووتەیەك پیشکەش کراو تیایدا تیشکی خستە سەر ئیعتیرازو نارەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی خەلکی کەرکوكو بانگەوازی خەلکی کرد بۆ زیاتر ریك خستنی ریزەکانیان و کۆبوونەوە لەدەوری دەستەی داکۆکی لە مافەکانی خەلکی کەرکوك.

له ناو بەشەکانی تری بەرنامەی مەراسیمەکەدا، چەندین گۆرانیو پارچە شیعر بە زمانی کوردیو عەرەبی وتورکمانی پیشکەش کران ودانسو شاییو شەکانەوەی ئالای سووری دەستی خەلك لە ناو ریزی گەورەی ئەوانەی کە دانسو شاییان دەکرد، سەرنجی هەموو لایەکی راکیشا بوو.

رازاوەیی شوینی مەراسیمو ئەو زەبتو رەبتو ئەمنیەتەی کە لە مەراسیمەکەدا هەبوو، بەشداری بەرچاوی ژنان ولاوان لە مەراسیەکەدا وبە خشینەوەی شیرینیو پیرۆزبایی لە یەکتر کردن،و لیشاوی برووسکەکانی پیرۆزبایی کە بۆ کۆمیتەی مەراسیمو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری هاتبوو، سیمای رازاوەی مەراسیی ئایاری ئەمسالی شاری کەرکوك بوو.

سەرەنجام دوای 2 سەعات لە مەراسیمو ئاهەنگو خۆشی، لە ناو شایی ورەقسو سەمای ئامادە بوواندا، مەراسیمی شکۆداری 1 ی ئایار، سەرکەتووانە کۆتایی پێ هات.

## بەغدا:

مەراسیمێك لە بەغدا بەبۆنەی یەکی ئایارەوە

رۆژی شەممە 4\29 کۆمیتەی بغدادی حزب بەبۆنەی یەکی ئایارەوە هەلسا بەسازدانی ئاهەنگێکی قەشەنگ لە بارەگای کۆمیتەی بغداد لە جادەی رەشیدی شاری بغداد کە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ پێشوازی لە بەشداربووان بە ئالاَّی سوور و وێنەی مارکسو منصور حکمت رازێنرابووەوە.

ئاهەنگەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ریزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی ریگای ئازادی و سۆسیالیزمو بە سرودی ئەنتەرناسیونال دەستییێکرد.

پاشان ئەمجد غفور سەرۆکی مەکتەبی سیاسی وتەیەکی پیشەکەش کرد، کە پاش پیرۆزبایی کردن لە میوانەکانو هاورێیان، باسێکی کورتی دەربارەی وەزعی سیاسی ئیستای عیراقو کارکردی لەسەر وەزعی بزوتنەوەی کریکاریو خەباتی کریکاران لەمرۆی عیراقدا کرد، وە تەئکیدی لەسەر زەرورەتی پێکهێنانی هیزی ئەمان کردەوە، وە رزگاری کریکارانی لە هەلومەرجی ئیستای عیراقدا بەستەوە بە ریکخستنی جەیشی پرۆلیتاریاوە.

دواتر فالح مکتوف بەیانی مەکتەبی سیاسیو زیکرا فەیسەلً بە یانی ریبوار ئەحمەدیان خویندەوە، وتەی کۆنگری ئازادی عیراق لە لایەن سعید نعمە جیگری سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە پیشکەش کرا، ئیلهام تالَەبانی بەیانی پیرۆز بایی یەکیتی شورا و سەندیکا کریکاریەکانی عیراقی راگەیاند، رغد غالی وتەی ریکخراوی ئازادی ژنی پیشکەش کرد، لەلایەن رشید اسماعیل سکرتیری کۆمیتەی بغدادەوە ووتەی ریکخراوی بەغدادپیشکەش کرا، وە ئبراهیم عیسا بە پیشکەش کردنی ووتەی تەشکیلاتی حسینیە بەشداری کرد.

برگەی دووەمی ئاهەنگەکە بە سرودو گورانی کە لەلایەن هونەرمەندانی لاوو بەتوانا فواد حسن و علی کازم و تیپێکی مۆسیقیەوە پیشکەش کرا رازینرایەوە. بە گورانیو چەپلە ریزانو لەناو شۆرو شەوقی ئامادەبوواندا لەلایەن مروان محمد بەریوبەری ئاهەنگەکەوە کۆتاییهاتنی مەراسیمەکە راگەیەنرا.

شایانی باسە هەر لە درێژەی خۆئامادەکردن بۆ پیشوازی لە یە کی ئایاری ئە مسالَدا

رۆژی هەینی 4\28 کۆمیتەی بغداد لە جادەی متنبی شاری بغداد هەلسا بە سازدانی میتینگێك بەبونەی یەکی ئایارەوە، کەتێیدا پیشوازییەکی زۆر کرا لەو کەسانەی پیرۆزباییان لە یەکترو هاورێیانی ئیمە دەکرد. لە میتینگەکەدا مێزکتێبی حزب دانربوو لە هەمان کاتدا بەیان نامەی ریبوار ئەحمەد سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی و بەیانی مەکتەبی سیاسی بەشێوەیەکی فراوان بلاوکرایەوە، هەروەها شیرینی دابەشکرا بەسەر ئەو کەسانەی بەشداری میتینگەکەیان دەکرد. لەم میتینگەدا هاورێیان ریاز کاکەشێن و فالح مکتوف ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، زیکرا فەیسەلً و رشید اسماعیل ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و چەندین کادری دیکەی حزب بەشدار بون.

لەشاری **بەصرە**ش مەراسیمێکی جەماوەریی گەورەو شکۆدار سازکراوە، بەلاَم تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ریپۆرتاژە وردەکاریی مەراسیمەکە بەدەستمان نەگەیشتووە.

**بلاَوکراوەی ئۆکتۆبەر**